وڵاتی سلۆڤینیای ئەوروپا دانی بە دەوڵەتی فەڵەستین نا

سەرۆک وەزیرانی وڵاتی سلۆڤینیا، رۆبەرت گۆلوب رۆژی پێنجشەممە ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی دانی بە دەوڵەتی فەڵەستیندا نا، کە چوارەمین وڵاتە لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا هەنگاوێکی لەو جۆرە بنێت.

گۆلوب لە بەیاننامەیەکدا دوای کۆبوونەوەی کابینەی ئەنجومەنی وەزیرانی سلۆڤینیا ڕایگەیاند، وڵاتەکەی بڕیاریدا فەڵەستین وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەسەر نەخشەی سنووری ساڵی 1967 بناسێنێت بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی و بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و گوتیشی: بڕیارەکە ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێت لەگەڵ داوای پشتیوانی پەرلەمانتاران.

ئیسپانیا و نەرویج و ئێرلەندا دانپێدانانیان بە دەوڵەتی فەڵەستین ڕاگەیاند، بەمەش ژمارەی ئەو وڵاتانەی کە لە کۆی 193 وڵات دانیپێدانراون گەیشتە 148 وڵات لە نەتەوە یەکگرتووەکان.